# أثر البيئة الأسرية على الجريمة لدى النساء
## ((دراسة ميدانية في المراكز الإصلاحية داخل إقليم كردستان العراق))


سارا ئازاد محمد

قسم علم الاجتماع / كلية الآداب / جامعة صلاح الدين / أربيل/ العراق

sara.a.mohammed@su.edu.krd

ب.د زانا احمد پيرداود

قسم علم الاجتماع / كلية الآداب / جامعة صلاح الدين / أربيل/ العراق

zana.perdawd@su.edu.krd


**الكلمات المفتاحية**: البيئة الأسرية، التعليم الضعيف، جرائم النساء، المجرمون


**كيفية اقتباس البحث**

محمد , سارا ئازاد , زانا احمد پيرداود , أثر البيئة الأسرية على الجريمة لدى النساء , دراسة ميدانية في المراكز الإصلاحية داخل إقليم كردستان العراق, مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٥ .


**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**


مفهرسة في Indexed
**IASJ**

مسجلة في Registered
**ROAD**

# أثر البيئة الأسرية على الجريمة لدى النساء: ((دراسة ميدانية في المراكز الإصلاحية داخل إقليم كردستان العراق))

The effect of family environment on crime among women: (A field study in the reforms of the Kurdistan Region-Iraq)

Sara Azad Mohammed
Department of Sociology / College of Arts / Salahaddin University / Erbil/ Iraq
sara.a.mohammed@su.edu.krd
Prof. Zana Ahmad Pirdawd
Department of Sociology / College of Arts / Salahaddin University / Erbil/ / Iraq
zana.perdawd@su.edu.krd

**Keywords** : Family environment, poor education, women's crime, and criminals

**How To Cite This Article**
Mohammed , Sara Azad , Zana Ahmad Pirdawd , The effect of family environment on crime among women: (A field study in the reforms of the Kurdistan Region-Iraq),Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract:
The study aimed to identify the effects of the family environment on crime among women, through a range of factors, including the effects of deprivation of affection, gender discrimination, parental abuse, poor parental relationships, and the husband's inability to support his wife. The researcher used the descriptive analysis approach. The study population was defined as female prisoners in women's correctional facilities in the Kurdistan Region, totaling (150) convicted women. All members of the population were selected to form the main sample for the study using the

comprehensive enumeration method. To collect data, a questionnaire consisting of (88) statements was prepared. After presenting it to experts, the questionnaire was validated for its apparent validity. It was also confirmed to have psychometric properties in terms of reliability and validity. After extracting and discussing the results, several conclusions were reached, the most important of which are:

- The use of unhealthy parenting methods, such as violence, deprivation of affection, discrimination between children based on gender, poor family relationships, constant quarrels between parents, and the absence of a healthy environment, are all factors that contribute to women committing crimes. It is obvious that every research is important according to the social space in which it is conducted. Conducting this research has two main aspects of its own importance, namely several points In practice, this study aims to conduct a number of scientific results on the impact of the family environment on women's crime in the Kurdistan Region, as well as ways and methods of coping through it It proposes to the reform and security agencies to take the most appropriate measures to combat women's crimes and reduce them.

**الملخص:**

هدفت الدراسة إلى تحديد آثار البيئة الأسرية على الجريمة بين النساء، من خلال مجموعة من العوامل، بما في ذلك آثار الحرمان من المودة والتمييز بين الجنسين، وإساءة معاملة الوالدين، وسوء العلاقات الأبوية، وعدم قدرة الزوج على إعالة زوجته. استخدم الباحث منهج التحليل الوصفي. تم تعريف مجتمع الدراسة على أنه السجينات في المرافق الإصلاحية النسائية في إقليم كردستان، بإجمالي (١٥٠) امرأة مدانات. تم اختيار جميع أفراد المجتمع لتشكيل العينة الرئيسية للدراسة باستخدام أسلوب الحصر الشامل. ولجمع البيانات، تم إعداد استبيان يتكون من (٨٨) عبارة. وبعد عرضه على الخبراء، تم التحقق من صحة الاستبيان لامتلاكه خصائص الصدق الظاهري. كما تم التأكد من امتلاكه لخصائص سيكومترية من حيث الصدق والثبات. وبعد استخلاص النتائج ومناقشتها، تم التوصل إلى عدد من الاستنتاجات، أهمها:

- إن استخدام أساليب التربية غير الصحية، كالعنف، والحرمان من العاطفة، والتمييز بين الأبناء على أساس الجنس، وسوء العلاقات الأسرية، والشجار المستمر بين الوالدين، وغياب البيئة الصحية السليمة، كلها عوامل ساهمت في ارتكاب المرأة للجرائم. من الواضح أن لكل بحث أهميته وفقًا للسياق الاجتماعي الذي يُجرى فيه. ولإجراء هذا البحث جانبان رئيسيان يميزان أهميته، تهدف هذه الدراسة عملياً إلى إجراء عدد من النتائج العلمية حول تأثير البيئة الأسرية

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

على جرائم النساء في إقليم كردستان، فضلاً عن طرق وأساليب التعامل معها. كما تقترح على أجهزة الإصلاح والأمن اتخاذ التدابير الأنسب لمكافحة جرائم النساء والحد منها.

## کاریگەری ژینگەی خێزان لەسەر ئەنجامدانی تاوان لای ئافرەت: (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان-عیراق)

سارا ئازاد محمد

بەشی کۆمەڵناسی / کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر/ عێراق

sara.a.mohammed@su.edu.krd

پ.د زانا احمد پیرداود

بەشی کۆمەڵناسی / کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر// عێراق

zana.perdawd@su.edu.krd

پوختە

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە دیاریکردنی کاریگەرییەکانی ژینگەی خێزان بوو لەسەر تاوان لەنێو ژنان، لەرێگەی کۆمەڵێک هۆکارەوە، لەوانە کاریگەرییەکانی بێبەشبوون لە سۆز و هەڵاواردنی رەگەزی، ئازاردانی دایک و باوک، خراپی پەیوەندییەکانی دایک و باوک و بێتوانایی مێرد لە دابینکردنی بژێوی ژیانی هاوسەرەکەی. توێژەرەکە رێبازی شیکاری وەسفیی بەکارهێناوە. دانیشتوانی توێژینەوەکە بەو شێوەیە پێناسە کرا کە ژنانی زیندانی لە چاکسازییەکانی ژنان لە هەرێمی کوردستان، بە کۆی گشتی (١٥٠) ژنی سزادراو. هەموو ئەندامانی دانیشتووان هەڵبژێردران بۆ پێکهێنانی نمونەی سەرەکی توێژینەوەکە بە بەکارهێنانی شێوازێکی سەرژمێری گشتگیر. بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، پرسیارنامەیەک ئامادەکرا کە پێکهاتبوو لە (٨٨) لێدوان. دوای پێشکەشکردنی بۆ پسپۆڕان، پرسیارنامەکە پشتڕاستکرایەوە کە خاوەنی تایبەتمەندییەکانی رەوایەتی دەموچاوە. هەروەها پشتڕاستکرایەوە کە خاوەنی تایبەتمەندی دەروونییە لە رووی رەوایی و متمانەپێکردنەوە. دوای دەرهێنان و گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامەکان، کۆمەڵێک ئەنجام گەیشتن کە گرنگترینیان بریتین لە:

- بەکارهێنانی شێوازی ناتەندروستی پەروەردەکردنی دایک و باوک، وەک توندوتیژی، بێبەشکردنی سۆز و خۆشەویستی، جیاکاری نێوان منداڵەکان لەسەر بنەمای رەگەز، خراپی پەیوەندی خێزانی، شەڕی بەردەوامی نێوان دایک و باوک و ژینگەیەکی تەندروستی تەندروست هەموویان هۆکار بوون بۆ ئەنجامدانی تاوانی ژنان.

وشە سەرەکییەکان: ژینگەی خێزان، پەروەردەی نادروست، تاوانی ئافرەت، تاوانبار.

**ناساندنی توێژینەوە**

**پێشەکی**

خێزان یەکەمین قوتابخانەی پەروەردەکردنی تاکە و بناغەی سەرەکی دارشتنی کەسایەتییە، ئەم ژینگە سەرەتاییە رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە دیاریکردنی ئاراستەی رەفتاری مرۆڤەکان لە داهاتوودا، بەتایبەتی بۆ ئافرەت، جۆری پەیوەندی و بارودۆخی ناو خێزان کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر تەندروستی دەروونی و کۆمەڵایەتی دادەنێت، ژینگەی خێزانی لێکترازاو پڕ لە کێشە، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی پاڵنانی ئافرەتە بەرەو تاوان،توندوتیژی، پشتگوێخستنی سۆزداری و نەبوونی چاودێری و دابین نەکردنی پێداویستییەکان، دەتوانن ببنە هۆی دروستبوونی هەستی یاخیبوون و پاڵنەری رەفتاری تاوانکاری لە لای ئافرەت.

بە ئاماژەدان بە (جابر، ٢٠١٤)باس لەوە دەکرێت کە ژنان لە تەمەنی منداڵیدا گەورە دەبن و ئەو بنەما و ئەخلاق و بەهایانە بەدەست دەهێنن کە رێنمایی رەفتارەکانیان دەکەن لە کۆمەڵگادا. هەر دابەشبوونێک لەناو خێزاندا کاریگەری لەسەر ژنان دەبێت لەرووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، رێگری دەکات لە خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگا، و دەبێتە هۆی ئەنجامدانی تاوان.(جابر، ٢٠١٤، ص٣٢)، هەروەها (الواسعة، ٢٠١١) ئاماژە بەوە دەکات کە هەڵوەشاندنەوەی خێزان دوو شێوەی هەیە: جەستەیی و ئەخلاقی. دابرانی جەستەیی بریتییە لە مردنی یەکێک یان هەردوو دایک و باوک، جیابوونەوەیان، یان هەر هۆکارێکی دیکەی وەک جیابوونەوە، زیندانیکردنی درێژخایەن، نەخۆشی درێژخایەن، یان کۆچکردن بۆ وڵاتێک یان ناوچەیەکی دیکە. ئەم دابەشبوونانە کاریگەرییان لەسەر پەروەردەی ژن لە منداڵیدا و رەفتاری لە داهاتوودا هەیە، ئەمەش رەنگە پاڵ بنێت بۆ ئەوەی رێگای تاوان بگرێتەبەر و مەیلی شەرانگێزی پەرەپێبدات. (الواسعة، ٢٠١١، ص٣٦)، هەروەها (عیسى، ١٩٦٥)باس لەوە دەکات کە جیابوونەوەی دایک و باوک ژن لە تەمەنێکی بچووکەوە بەرەورووی بارودۆخی نائاسایی دەبێتەوە. دوای ئەوەی هەست بە سەلامەتی و خۆشەویستی دەکات، لەناکاو خۆی لە خێزانێکی شکاودا دەبینێتەوە، ئەمەش ترس و گرژی لە ناویدا دروست دەکات، و وا دەکات هەست بە پشتگوێخستن و نائەمنی سۆزداری بکات، ئەمەش رەنگە ببێتە هۆی شکستهێنان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و کاریگەری نەرێنی لەسەر رەفتاری ژنەکە لە داهاتوودا هەبێت. (عیسى، ١٩٦٥، ص٤٨٠)، (عمر، ٢٠٠٥) دەڵێت، پشتگوێخستنی سۆزداری مێرد بۆ ژنەکە، پشتگوێخستنی هەستەکانی، ململانێی بەردەوام، بەکارهێنانی بەردەوامی توندوتیژی جەستەیی، زارەکی و ئەخلاقی، پشتگوێخستنی پێداویستییە مادییە گرنگەکان لە ژیاندا، و نەبوونی پشتیوانی دایک و باوک

کاتێک کێشە لەگەڵ مێردەکەدا دروست دەبێت، و بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە سۆزدارییە، ژن پەنا دەباتە بەر دروستکردنی پەیوەندی نادادپەروەرانە و هەڵە لە دەرەوەی خێزان، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەکەونە ناو خێزانەکەوە چوارچێوەی ناپاکی هاوسەرگیری، بۆ گەڕاندنەوەی هەستی متمانە و خۆبەگەورەزانین. (عمر، ٢٠٠٥، ص١٥٣)، بە ئاماژەدان بە (زکریا، ٢٠٠٢)هۆکارێکی دیکەی تاوانەکانی ژنان لەناو خێزاندا هەژارییە. بێتوانایی سەرۆکی ماڵ لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ئەندامەکانی بەهۆی کەمی داهات هۆکارێکی بەهێزە کە ژنان پاڵدەنێت بۆ ئەنجامدانی تاوان. (زکریا، ٢٠٠٢، ص١٢٤)

**گرنگی توێژینەوە**

ئاشکرایە هەموو توێژینەوەیەك بەپێی ئەو پانتاییەی کۆمەڵایەتییەی تێدا ئەنجام دەدرێت گرنگیەکەی دەردەکەوێت، ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لەدوو لایەنی سەرەکی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە ئەوانیش بریتین لە:

- لەلایەنی تیۆرییەوە لەم لایەنەوە گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا دەردەکەوێت کەکۆمەڵێك زانیاری زانستی پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی دەکات بۆبەشەکانی (کۆمەڵناسی - دەروونناسی- یاسا- تاوانناسی)،هەروەها گرنگییەکی تری لایەنی تیۆری ئەم توێژینەوە یەکەم توێژینەوەیە بەپێی زانینی توێژەر کەلەسەر ئەم بابەتە بکرێت لە هەرێمی کوردستان، بەمەش دەبێتە پاشخانێکی مەعریفی لەم بوارە بۆ توێژەرانی دوارۆژ و سەرچاوەیەکی زانستی.

- لەلایەنی پراکتیکییەوە ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە کۆمەڵێك ئەنجامی زانستی سەبارەت بە کاریگەری ژینگەی خێزان لەسەر ئەنجامدانی تاوانی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێت، هەروەها ڕێگاو شێوازەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە لەڕێگەی پێشنیاز دەخاتە بەردەم دام و دەزگا چاکسازی و ئاسایش بۆ گرتنەبەری دروسترین ڕێگا لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی ئافرەت و بەمەبەستی کەمکردنەوەیان.

**گرفتی توێژینەوە**

پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵتر هەیە لەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەروونیانەی کە کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی تاوانبارانی مێینە هەیە، بەتایبەتی لە چوارچێوەیەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی تایبەتدا وەک هەرێمی کوردستانی عێراق. زیادبوونی ڕێژەی تاوان لە نێو ژناندا بەدی کراوە و کەمی لێکۆڵینەوەی پێویست هەیە کە تیایدا سەرنجی لەسەر ڕۆڵی هۆکارەکانی خێزان لەم کارەدا بێت. هەروەها پێویستە لە کاریگەرییەکانی هەڵوەشاندنەوەی خێزان، توندوتیژی خێزانی، نەبوونی چاودێری دایک و باوک و بێبەشی سۆزداری یان ماددی لەسەر ڕەفتاری تاوانبارانی

مێینە تێبگەین. هەروەها نەبوونی بەرنامەی چاکسازی و پشتیوانی لە چاکسازییەکانی ژنان و ڕۆڵی لاوازی خێزان لە ڕێگریکردن لە تاوانەکان تەحەدایەکی بەرچاوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی توێژەران بەدواداچوون بۆ ڕادەی کاریگەری خێزانەکە بکەن و چارەسەری پێشنیار بکەن بۆ کەمکردنەوەی تاوانکاریی ژنان، بە ئامانجی پێشکەشکردنی پێشنیارەکان کە بەشداربن لە سەقامگیری کۆمەڵگا و کەمکردنەوەی تاوانەکانی ژنان. ئەم کێشانە لە شێوەی پرسیاری لێکۆڵینەوەدا خرانەڕوو کە دیارترینیان بریتین لە:

– ئایا بێبەشبوون لە سۆزو خۆشەویستی و جیاکاری ڕەگەزی و شێوازی مامەڵەی نادروستی باوان کاریگەری لەسەر ئەنجامدانی تاوان لای ئافرەت هەیە؟

– ئایا شەڕوناکۆکی و خراپی پەیوەندی باوان کاریگەری لەسەر ئەنجامدانی تاوان لای ئافرەت هەیە؟

– ئایا بەکارهێنانی توندوتیژی هاوسەری و،پشتگوێخستنی سۆزداری کاریگەری لەسەر ئەنجامدانی تاوان لای ئافرەت هەیە؟

– ئایا خراپی دۆخی ئابووری و دابین نەکردنی پێداویستییەکان لەلای هاوسەر ڕۆڵی لەسەر ئەنجامدانی تاوان لای ئافرەت هەیە؟

**ئامانجی توێژینەوە**

– ئاشکراکردنی کاریگەری لەنێوان بێبەشبوونی سۆزو خۆشەویستی وجیاکاری ڕەگەزی و شێوازی مامەڵەی نادروست لەلایەن باوان لەسەر ئەنجامدانی تاوان لای ئافرەت.

– دەرخستنی کاریگەری لەنێوان شەڕوناکۆکی و لێکترازانی (لێکتێنەگەیشتنی) باوان لەسەر ئەنجامدانی تاوان لای ئافرەت.

– زانینی کاریگەری لەنێوان بەکارهێنانی توندوتیژی هاوسەری (وەک جەستەیی و زارەکی و دەروونی) و،پشتگوێخستنی سۆزداری لەسەر ئەنجامدانی تاوان لای ئافرەت.

– ئاشکراکردنی کاریگەری لەنێوان فشاری ئابووری و دابین نەکردنی پێداویستییەکان لەلای هاوسەر و ڕۆلی لەسەر ئەنجامدانی تاوان لای ئافرەت.

**بوارەکانی توێژینەوەکە**

– **لە ڕووی شوێنەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە (بەشەکانی چاکسازی ئافرەتان لە پارێزگای (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) ئەنجامدراوە.

– **لە ڕووی مرۆییەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە سەر (١٥٠) ئافرەتی تاوانبار ئەنجامدراوە.

- **لە ڕووی کاتەوە:** مەبەست لەو ماوەیەیە کە توێژەر فۆرمی ڕاپرسیەکەی بڵاو کردووەتەوە لە(٢٠٢٥/٣/٥) تا (٢٠٢٥/٩/٧) خستنەڕووی ئەنجامەکان.

**چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە**

- **ژینگەی خێزان**

ئەو شوێنەیە کە منداڵ بۆ یەکەمجار فێری بنەما سەرەکییەکانی ژیان دەبێت، وەک قسەکردن، ڕەوشت، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی دەرەوە. لێرەوە کەسایەتی منداڵ شێوە دەگرێت و بەها سەرەکییەکانی ژیان وەردەگرێت. (عثمان وآخرون، ١٩٩٢، ص١٥٩)

ئەو شوێنەیە کە ئەندامانی خێزان هەست بە ئاسایش، خۆشەویستی و، پشتیوانی یەکتر دەکەن،شوێنێکە کە تێیدا دەتوانن بە ئازادی هەستەکانیان دەرببڕن و لە کاتی ناخۆشیدا پەنا بۆ یەکتر ببەن، ئەم ژینگەیە یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی فشار و دڵەڕاوکێ. (موسى، ١٩٩٣، ص١٣٥)

**پێناسەی ڕێکاری بۆ خێزان:** بریتییە لە کۆی ئەو هۆکار و کارلێکە ناوخۆیی و دەرەکییانەی کە کاریگەریان لەسەر دارشتنی کەسایەتی ئافرەتان هەیە، ئەمانەش شێوازەکانی پەروەردە، پشتگیری سۆزداری، هەروەها بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیش دەگرێتەوە، کە لەوانەیە ئەگەری تێوەگلانی ئافرەتان لە ڕەفتارە تاوانکارییەکان زیاد یان کەمبکەنەوە.

**١-٤-٢ تاوانی ئافرەت**

ئەو ئافرەتەیە کە دوای دەستگیرکردنی لەڕووی یاساییەوە سزا دراوە، چونکە بەبێ گوێدان بەڕەگەزی کۆمەڵایەتی، کە کردەیەکی دژە کۆمەڵایەتی ئەنجامداوە،کەزیانی بە کۆمەڵگە گەیاندووە. (مقداد، ٢٠١٩، ص١٩)

بریتییە لەهەر کارێك کە ئافرەتێکی عاقڵ تەمەن هەژدە ساڵ یان زیاتر لەهەست و ئیرادە و مەبەستی تاوانکارییەوە ئەنجامی دەدات،زیان و مەترسی لێدەکەوێت، کە بەپێی یاسای سزادان بەتاوان هەژمار دەکرێت، بەهۆیەوە دەکەوێتە یەکێك لە دامەزراوە چاکسازییەکان. (الشاعري، ٢٠١٣، ص٩١)

**پێناسەی ڕێکاری بۆ تاوانی ئافرەت:** بریتیین لەو کارە تاوانکارییانەی کە لەلایەن ئافرەتەوە ئەنجامدەدرێن، دەکەوێتە چوارچێوەی ڕێکارە یاساییەکانەوە، لەم نێوەندەدا، ژینگەی خێزان بە هەموو ئاستەنگەکانییەوە (وەکو لێکترازانی خێزان و مامەڵەی نادروست و جیاکاری ڕەگەزی و

پشتگوێخستن و هەژاری) ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە وەک هۆکارێکی سەرەکی یان یاریدەدەر لە ئەنجامدانی ئەم تاوانانەدا دەبینێت.

**١-٤-٣ تاوانبار**

تاوانبار لەڕووی کۆمەڵاتییەوەئەو کەسەیە کە دژایەتی هەموو ئەو بەها و ڕەفتارە پەسەندانە دەکات کە کۆمەڵگە بۆی داناوە،زیانبەخش دەبێت بۆ تاکەکانی، بۆیە سزا دەدرێت بەپێی یاساکانی ئەو کۆمەڵگەیە.

(العرجي، ١٩٨٠، ص٢٤)

تاوانبار لەڕووی دەروونیەوە ئەو کەسەیە بەشڵەژان یان لادانەکان لە کەسایەتی و یان خەسڵەتەکاندا دەناڵێنێت، ئەم شڵەژانەش لەئەنجامی گەشەی هەڵچوونی یان پەیوەندیەکی گونجاو لەنێوان ئەو من و منی باڵا ڕوودەدات، ئەو شڵەژانەش بەهۆکاری سەرەکی ڕەفتاری تاوانکاری هەژمار دەکرێ. (رمضان، ١٩٨٥، ص٦٣)

**پێناسەی ڕێکاری بۆ تاوانبار:** ئەو ئافرەتەیە کە ڕەفتارێکی پێچەوانەی بەها و ڕەوشتەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئەنجامداوە،ئەمەش بەهۆی کاریگەری ژینگەی خێزانی نادروست و پڕ لە کێشە و گرفت و نایەکسانی ڕەگەزی و هەژارییەوە،بەهۆیەوە لەلایەن دادگاوە بڕیاری سزای زەوتکردنی ئازادی بۆ دەرکراوە.

**چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە**

**- میتۆدی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە،توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە، توێژەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر پشتی بە میتۆدی وەسفی بە ڕێگای ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتگیر بەستووە، وەکو میتۆدی سەرەکی بۆ ئاشکراکردنی کاریگەری ژینگەی خێزان لەسەر ئەنجامدانی تاوان لای ئافرەت.

**- کۆمەڵگەی و نمونەی سەرەکی توێژینەوە**

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە سەرجەمی ئەو یەکانەی کە توێژینەوەکە ئامانجیەتی بیانخاتە ژێر لێکۆڵینەوە و لە کۆتاییدا ئەنجامەکانیان بەسەردا گشتگیر بکات. ئەم یەکانە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەش و دیاریکراون کە وایان لێدەکات ببنە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە (العطية، ٢٠٠٩: ٩٥).کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش لە سەرجەم ئافرەتانی بڕیار لەسەردراو لە بەشەکانی چاکسازی ئافرەتان لە پارێزگای (هەولێر، سلێمانی و دهۆک)* پێکهاتووە، مەبەستمان هەموو ئەو ئافرەتانە لە خۆدەگرێت، کە لە تەمەنی (١٨) ساڵ بەرەو سەرەوەن لە بەشەکانی چاکسازیدان کە ژمارەیان (١٥٠) ئافرەت بوون.


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

نمـونەی سـەرەکی تـوێژینەوەکە لە هەمـوو ئەنـدامانی کـۆمەڵگەی تـوێژینەوە پێکهـاتبوو کە بە بەکارهێنـانی شـێوازی ژمـاردنی گشـتگیر هەڵبژێردرابـوون. بـۆیە ژمـارەی ئەنـدامانی نمـونەی توێژینەوەکە بوون بە (١٥٠) زیندانی ژن لە چاکسازییەکانی (هەولێر، سلێمانی، و دۆهوک) لە نـاوخۆی هەرێمی کوردستان. خشتەی (١) وردەکارییەکانی نمونەی سەرەکی توێژینەوەکە نیشان دەدات.

**خشتەی (١) نمونەی سەرەکی توێژینەوەکە**

| چاکسازی ژنان | ژمارە |
|---|---|
| هەولێر | ٥٥ |
| سلێمانی | ٥٠ |
| دۆهوک | ٤٥ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ |

**- ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری و ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان**

بە مەبەستی شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان و دەرهێنانی ئەنجامەکان کە لە لایەنی مەیدانی بەدەستهاتوون، توێژەر پشتی بە هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) (Package for Social Science Statistical)بەستووە، ك بريتيين لە:

١-ڕێژەی سەدی: percentage

٢ -ناوەندی ژمێرەیی (وسط حسابی)(Mean) و نێوەند (وسيط).(Median)

٣-لادانی پێوەری .(Standard Deviation)

٤-تاقیکردنەوەی کای سکوێر (کا٢)(Chi-Square)، بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

٥-کرامەر (Cramer) بۆ دۆزینەوەی هێزی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

**- خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە:-**

**-خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتییەکان بە ئامانجی یەکەم: ((ئاشکراکردنی پەیوەندی لەنێوان بێبەشبوونی سۆزو خۆشەویستی وجیاکاری ڕەگەزی و شێوازی مامەڵەی نادروست لەلایەن باوان و بە ئەنجامدانی تاوان لای ئافرەت)).**

**خشتەی (٢) ڕادەی هەستکردنی لێتوێژراوان بەبێبەشبوونی سۆزو خۆشەویستی و جیاوازی مامەڵە بەهۆی جۆری ڕەگەزەوە لەنێو خێزان ڕوون دەکاتەوە**

| هەستت بە بێبەشبوونی سۆزو | ژمارە | ڕێژەی |
|---|---|---|

| خۆشەویستی کردووە | | سەدا |
|---|---|---|
| زۆر | ٧٧ | %٥١,٣ |
| کەم | ٤٨ | %٣٢ |
| هیچ | ٢٥ | %١٦,٧ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |
| **جیاوازی نێوان تۆ وبراکانت دەکرا** | **ژمارە** | **ڕێژەی سەدا** |
| بەڵێ | ٩٤ | ٪٦٢,٧ |
| نەخێر | ٥٦ | ٪٣٧,٣ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی(٢) دەردەکەوێت، ڕێژەی (%٥١,٣) ی لێتوێژراوان زۆر هەستیان بە بێبەشبوونی سۆزو خۆشەویستی باوانیان لەنێو خێزان کردووە،هەروەها ڕێژەی (%٣٢) یان بەکەمی هەستیان بە بێبەشبوون کردووە،بەڵام ڕێژەی(%١٦,٧) هیچ هەستیان نەکردووە. بەپێی ئەنجامەکان سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت،لەنیوە زیاتر تاوانبارە ئافرەتەکان بە بەردەوام هەستیان بە بێبەشبوونی سۆزو خۆشەویستی دایک و باوکیان کردووە،ئاماژەیە بۆ شکستی خێزان کە وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەیی،ئەم بۆشاییە سۆزدارییە، زەمینە بۆ لاوازبوونی هاوسۆزی و متمانە خۆش دەکات و،لە بەرامبەردا هەستی گومان و دوژمنایەتی وبێباکی بەهێز دەکات، خێزانیش دەخاتە بازنەی لێکترازانی مەعنەوی ،لە ئەنجامدا دەبێتە هۆکارێک بۆ نزیکبوونەوە لە ئەنجامدانی تاوان .

بە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوی هەستکردن بەبێبەشبوونی سۆز وخۆشەویستی لەنێو خێزان و گۆڕاوی ڕێزبەندی لەنێو خوشک و برا، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (کا²) بە بەهای (١٦,٦٣٤) و بە نمرەی ئازادی (٦) و بە ئاستی دەلالەت (٠,٠١١)، بۆمان دەرکەوت، بەهاکەی ئامارداره، ئەمەش بەواتای پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان (دوو گۆڕاوەکە) هەیە، بە مەبەستی زانینی هێزی پەیوەندی نێوان ئەو دوو گۆڕاوە سوودمان لە هاوکێشەی (کرامەر) وەرگرتووە، کە بەهای (کرامەر) بریتییبوو لە: (٠,٢٣ )، ئەمەش دەلالەی ئاماری هەیە و، بە پەیوەندییەکی نیمچە لاواز لەنێوان ئەو دوو گۆڕاوە دادەنرێت.دوای وردبینی لە داتا و زانیارییەکان لە ئەنجامدا دەرکەوت،زۆربەی ئەو لیتوێژراوانەی کە لە ڕێزبەندی ناوەندی بوونە لەنێو خوشک و براکانیان،ئەوانە زیاتر هەستیان بەبێبەشبوونی سۆزو خۆشەویستی باوانیان

کردووە،بە بەراورد بەو لێتوێژراوانەی کە ڕێزبەندیان لەنێو خوشک و براکانیان یەکەم یان کۆتایی،یاخود تاقانە بوونە.

سەبارەت بە جیاوازی مامەڵەکردن لەنێوان لێتوێژراو و خوشک و براکانی بەهۆی جۆری ڕەگەزەوە لەخشتەی( ١١,٥ ) دەرکەوت، ڕێژەی (٦٢,٧%) لێتوێژراوان دەڵێن لەناو خێزاندا بەهۆی ڕەگەزەوە جیاوازی لەنێوانمان دەکرا،بەڵام ڕێژەی (٣٧,٣%) یان دەڵێن جیاوازی لە نێوانمان نەدەکرا.

بەپێی ئەنجامەکان بۆمان دەردەکەوێت،ڕێژەیەکی بەرزی تاوانبارانی بەشەکانی چاکسازی ئافرەتان هەستیان بە جیاوازی مامەڵە لەگەڵ براکانیان لەنێو خێزان کردووە بەهۆی ڕەگەزەوە ،ئەو جیاکاری و مامەڵەی نایەکسان لەناو خێزاندا، بناغەی ئاسایشی دەروونی و هەستی دادپەروەری لەلای لێتوێژراو دادەڕمێنێت.لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە پەراوێزخستن و بێبەشبوون لە پشتیوانی سۆزداری بکات،کە ئەرکی سەرەکی خێزانە،ئەو فشارە دەروونییەی کە لە ئەنجامی ئەم نایەکسانییەوە دروست دەبێت، ئافرەت پاڵ پێوە دەنێت بۆ گەڕان بەدوای بەدەستهێنانی دانپێدانان و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لە ڕێگەی نایاساییەوە. لێرەوە، تاوان دەبێتە وەڵامێک بۆ ئەو فەرامۆشکردن و نادادپەروەرییەی کە لە گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتیدا (خێزان) ئەزموونی کردووە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوی جیاوازی مامەڵە بەهۆی جۆری ڕەگەز و گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (کا$^2$) بە بەهای (١٧,٢٨٥) و بە نمرەی ئازادی (٣) و بە ئاستی دەلالەت (٠,٠١)، بۆمان دەرکەوت، بەهاکەی ئامارداره، ئەمەش بەواتای پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان (دوو گۆڕاوەکە) هەیە، بە مەبەستی زانینی هێزی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو گۆڕاوە سوودمان لە هاوکێشەی (کرامەر) وەرگرتووە، کە بەهای (کرامەر) بریتییبوو لە: (٠,٣٩ )، ئەمەش دەلالەی ئاماری هەیە و بە پەیوەندییەکی مامناوەند لەنێوان ئەو دوو گۆڕاوە دادەنرێت.دوای وردبینی لە داتا و زانیارییەکان لە ئەنجامدا دەرکەوت، زۆربەی ئەو لیتویژراوانەی کە دانیشتووی گوندن،ئەوانە زیاتر هەستیان بە جیاوازی مامەڵەکردن کردووە بەهۆی جۆری ڕەگەزەوە بەراورد بەو لێتوێژراوانەی کە شوێنی نیشتەجێبوونیان ناوەندی شار و شارۆچکە و ناحیەیە. وەک لە خشتەی (٣) دا دیارە

| وەلامەکان | دایک | | باوک | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێزبەندی | ژمارە | ڕێزبەندی |



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بایەخدان و چاودێری | 19 | ٤ | ٢٣ | ٤ |
| نازپێدانی زۆر | ١٨ | ٥ | ١١ | ٥ |
| فەرامۆش کردن | ٣٨ | ٢ | ٥٤ | ١ |
| توندوتیژی | ٥٢ | ١ | ٣٦ | ٢ |
| دەرکردن لەماڵەوە | ٢٣ | ٣ | ٢٦ | ٣ |

**خشتەی (٣) شێوازی مامەڵەی باوان لەگەڵ لێتوێژراوان لەتەمەنی هەرزەکاری و لاویدا ڕوون دەکاتەوە**

سەبارەت بە شێوازی مامەڵەی دایک لەتەمەنی هەرزەکاری و لاویدا لەگەڵ لێتوێژراوان لەخشتەی (٣) دەرکەوت، پلەی یەکەم دایک شێوازی توندوتیژی بەکارهێناوە،پلەی دووەم شێوازی فەرامۆش کردن بەکارهێناوە،پلەی سێیەم شێوازی دەرکردن لەماڵەوەی بەکارهێناوە،پلەی چوارەم بایەخدان و چاودێری بوو،بەڵام پلەی پێنجەم شێوازی نازپێدانی زۆری بەکارهێناوە، سەبارەت بە شێوازی مامەڵەی باوک دەرکەوت، بەپلەی یەکەم باوک شێوازی فەرامۆش کردنی بەکارهێناوە، پلەی دووەم توندوتیژی بەکارهێناوە، هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو شێوازەی کە دایک بەکاریهێناوە لەگەڵ لێتوێژراوان هاوشێوەیە لەگەڵ شێوازی لە پلەی سێیەم و چوارەم و پێنجەم.

کەواتە بەپێی ئەنجامەکانی سەروو بۆمان دەردەکەوێت،شێوازە نەرێنیەکانی پەروەردەی نادروست لەلای باوان لەپێش شێوازە ئەرێنیەکانە هاتووە،خێزان وەک یەکەمین و گرنگترین دامەزراوەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی شکست دەهێنێت لە گواستنەوەی بەها ئەرێنییەکانی وەک متمانە، خۆشەویستی و ڕێز لەبری ئەوە، بەها نەرێنییەکانی وەک ترس، توندوتیژی و پشتگوێخستن و دوژمنکاری دەگوازێتەوە،کاتێک ئافرەتێک کە لە مندالیدا توندوتیژی بەرامبەر کرابێت و فەرامۆش کرابێت، ئەگەری زۆرە کە لە داهاتوودا تووشی کێشەی دەروونی،وەک خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و بێزاری و بێ هیوایی ببێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پەروەردەییە، لەوانەیە پەنا بۆ گروپی لادەر،بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، یان ئەنجامدانی تاوان ببات،یاخود لە ئەنجامی تۆڵەسەندنەوە ڕەفتاری توندوتیژی و لادان ئەنجام بدات.

**٣-٢خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریە تایبەتییەکان بە ئامانجی دووەم: ((دەرخستنی پەیوەندی لەنێوان شەڕوناکۆکی و لێکتێنەگەیشتنی باوان بە ئەنجامدانی تاوان لای ئافرەت)). وەک لە خشتەی (٤) دا دیارە**

**خشتەی (٤) بوونی شەڕ و ناکۆکی لەنێوان باوانی لێتوێژراوان ڕوون دەکاتەوە**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدا |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٨٧ | %٥٨ |
| تاڕادەیەك | ٣٥ | %٢٣,٣ |
| نەخێر | ٢٨ | %١٨,٧ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی (٤) دەردەکەوێت، ڕێژەی (%٥٨,٠) لێتوێژراوان دەڵێن بەڵێ شەڕ و ناکۆکی لەنێوان باوانمان هەبووە،هەروەها ڕێژەی (%٢٣,٣) یان دەڵێن تاڕادەیەك شەڕ و ناکۆکی لەنێوانیان هەبووە،بەڵام ڕێژەی (%١٨,٧) یان دەڵێن نەخێر نەبووە.

بەپێی ئەنجامی سەروو بۆمان دەردەکەوێت،زۆربەی زۆری لێتوێژراوان بەڕێژەی (%٨١,٣) لە نێو خێزانەک ژیان، کە بەردەوام یان ماوە ماوە شەڕ و ناکۆکی لە نێوان دایک و باوکیان هەبوو،ئەمەش وێنەیەکی لێکترازانی مەعنەوی خێزان دەردەخات، کاتێک لێتوێژراو هاوار و جنێو و سوکایەتی و،توندوتیژی لە نێوان باوان دەبینێت. وەک لە خشتەی (٥) دا دیارە.

**خشتەی (٥) ئاستی پەیوەندی ئەندامانی خێزان لەگەڵ لێتوێژراوان ڕوون دەکاتەوە**

| وەڵامەکان | دایک | | باوک | | خوشک | | برا | | هاوسەر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژەی سەدا | ژمارە | ڕێژەی سەدا | ژمارە | ڕێژەی سەدا | ژمارە | ڕێژەی سەدا | ژمارە | ڕێژەی سەدا |
| باش | ٥٠ | ٣٣,٣ % | ٣١ | ٢٠,٧ % | ٩١ | ٦٠,٧ % | ٨٨ | ٥٨,٧ % | ٢١ | ١٨,٤ % |
| مامناوەند | ١٥ | %١٠ | ٢٥ | ١٦,٦ % | ٣٥ | ٢٣,٣ % | ٢٥ | ١٦,٦ % | ٢٩ | ٢١,٦ % |
| خراپ | ٨٥ | ٥٦,٧ % | ٩٤ | ٦٢,٧ % | ٢٤ | %١٦ | ٣٧ | ٢٤,٧ % | ٧٥ | %٦٠ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | ١٠٠ % | ١٥٠ | ١٠٠ % | ١٥٠ | ١٠٠ % | ١٥٠ | ١٠٠ % | ١٢٥ | #١٠٠ |

لە خشتەی(٥) دەردەکەوێت، ڕێژەی (%٥٦,٧) لێتوێژراوان پەیوەندییان لەگەڵ دایکیان خراپ بوو، ڕێژەی (%٣٣,٣) یان پەیوەندییان لەگەڵی باش بوو،بەڵام ڕێژەی (%١٠,٠) یان پەیوەندییان لەگەڵ دایکیان مامناوەند بوو.دەربارەی ئاستی پەیوەندی لێتوێژراوان لەگەڵ باوکیان دەرکەوتووە،

ڕێژەی (٦٢,٧%) یان پەیوەندییان لەگەڵی خراپ بوو.بەڵام ڕێژەی (٢٠,٧%) پەیوەندییان باش بوو،بەڵام ڕێژەی (١٦,٦%) پەیوەندییان لەگەڵ باوکیان مامناوەند بوو. دەربارەی ئاستی پەیوەندی لێتوێژراوان لەگەڵ خوشکیان دەرکەوتووە، ڕێژەی (٦٠,٧%) یان پەیوەندییان لەگەڵیان باش بوو، ڕێژەی (٢٣,٣%) پەیوەندییان مامناوەند بوو،بەڵام ڕێژەی (١٦,٦%) پەیوەندییان خراپ بوو.هەروەها دەربارەی پەیوەندی یەکەکانی توێژینەوە لەگەڵ براکانیان دەردەکەوێت،ڕێژەی (٥٨,٧%) یان پەیوەندییان لەگەڵیان باش بووە،بەڵام ڕێژەی (٢٤,٧%) پەیوەندییان خراپ بوو و،ڕێژەی (١٦,٦%) پەیوەندییان مامناوەند بوو.سەبارەت بە پەیوەندییان لەگەڵ هاوسەریان دەرکەوت،ڕێژەی (٦٠,٠%) لێتوێژراوان پەیوەندییان خراپ بوو،ڕێژەی (٢١,٦%) یان پەیوەندییان مامناوەند بوو،بەڵام ڕێژەی (١٨,٤%) یان پەیوەندییان باش بووە.

لە ئەنجامی خشتەی سەروو دەردەکەوێت، ڕێژەیەکی بەرز لە تاوانبارانی بەشەکانی چاکسازی ئافرەتان پەیوەندییان لەگەڵ دایک و باوک و هاوسەرەکانیان خراپبووە،ئەمەش ئاماژەیە بۆ تێکچوونی شیرازەی خێزان ،جۆرێکە لە لێکترازانی مەعنەوی،ڕەنگە بەهۆیەوە ڕەفتاری دوژمنکارانە و تۆڵەکردنەوەی لێبکەوێتەوە، ئەمەش ڕەنگە بە ئەنجامدانی ڕەفتاری ناڕەوا و نایاسایی کۆتایی دێت، بۆیە لەم بارەدا ئەو ئافرەتە دەبێتە کەسێکی تاوانبار، دژی بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە دەوەستێتەوە.

**٣-٢خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتییەکان بە ئامانجی سێیەم: ((زانینی پەیوەندی لەنێوان بەکارهێنانی توندوتیژی هاوسەری (وەک جەستەیی و زارەکی و دەروونی) و پشتگوێخستنی سۆزداری بە ئەنجامدانی تاوان لای ئافرەت)). وەک لە خشتەی (٦) دا دیارە.**

**خشتەی (٦) توندوتیژی هاوسەری و جۆرەکانی بەرامبەر بە لێتوێژراوان ڕوون دەکاتەوە**

| ڕووبەڕووی توندوتیژی لەلایەن هاوسەرەکەت بوویتەوە | ژمارە | ڕێژەی سەدا |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧٨ | %٦٢,٤ |
| نەخێر | ٤٧ | %٣٧,٦ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | %١٠٠ |
| **جۆرەکانی توندوتیژی** | **ژمارە** | **ڕیزبەندی** |
| توندوتیژی زارەکی | ٢٩ | ١ |



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

| | | |
|---|---|---|
| توندوتیژی جەستەیی (لێدان) | ٢٦ | ٢ |
| توندوتیژی دەروونی | ١٤ | ٣ |
| توندوتیژی ئابووری | ٩ | ٤ |

لەخشتەی(٦) دەردەکەوێت، ڕێژەی (٦٢,٤%)ی لێتوێژراوان دەڵێن ڕووبەڕووی توندوتیژی لەلایەن هاوسەرەکانمان بووینەوە،بەڵام (٣٧,٦%) دەڵێن نەخێر ڕووبەڕووی توندوتیژی نەبووینەوە. سەبارەت بە جۆرەکانی توندوتیژی لە بەرامبەر لێتوێژراوان ئەنجام دراوە دەردەکەوێت،بە پلەی یەکەم توندوتیژی زارەکی دێت کە بریتییە لە(سووکایەتی، جنێودان، هەڕەشەکردن و شکاندنی کەسایەتی)، بە پلەی دووەم توندوتیژی جەستەیی دێت کە بریتییە لە لێدان و ئازاردانی جەستە، هەروەها بە پلەی سێیەم توندوتیژی دەروونی دێت وەک فەرامۆشکردن و قسە لەگەڵ نەکردن، لەکۆتاییدا توندوتیژی ئابووری دێت کە بریتییە لە قۆرخکردنی داهات و بێبەشکردن لە خەرجی و دابین نەکردنی پێداویستییە ماددییەکان. لە ئەنجامی خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە زۆرینەی تاوانبارانی بەشەکانی چاکسازی ڕووبەڕووی توندوتیژی لەلایەن هاوسەرەکانیان بوونەتەوە،لە جۆری جیاواز، بەتایبەت توندوتیژی زارەکی و جەستەیی و، بە پلەی خوارتر توندوتیژی دەروونی و ئابووری، هەریەکێک لەم جۆرە توندوتیژیانە کاریگەری خراپ لەسەر لێتوێژراوان بەجێدێڵێت، کاتێک توندوتیژییەکان بەردەوام دەبن، هەموو دەرگاکان دادەخرێن، تووشی ڕق و کینە و هەستی بێ ڕێزی دەبێت، بۆ ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی هاوسەر و دەربازبوون لە توندوتیژی و بەدەستهێنانەوەی ئازادی، پاراستنی کەرامەت و، گەڕانەوەی شکۆ، بۆ تۆڵەسەندنەوە تاوان دەبێتە کاردانەوەیەک بۆ هەموو ئەو ئازار و سوکایەتییەی کە بە درێژایی ساڵان چەشتوویەتی، هەروەها دەبێتە تاکە بژاردە بۆکۆتاییهێنان بەو دۆزەخەی لەنێویدا ژیاوە. وەک لە خشتەی (٧) دا دیارە.

**خشتەی(٧) هەستی دوورەپەرێزی وپشتگوێخستن لەلایەن هاوسەر و تووشبوون بە گرفتی جیابوونەوە و زیزبوون پێش ئەنجامدانی تاوان ڕوون دەکاتەوە**

| هەستت بەدوورەپەرێزی و پشتگوێخستنی دەکرد | ژمارە | ڕێژەی سەدا |
|---|---|---|
| هەموو کات | ٨٧ | %٦٩,٦ |
| هەندێك کات | ١٨ | %١٤,٤ |
| هیچ کات | ٢٠ | %١٦ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | %١٠٠ |
| **ڕووبەڕووی جیابوونەوە و زیزبوون** | **ژمارە** | **ڕێژەی سەدا** |

| بوویت پێش ئەنجامدانی تاوان | | |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٨١ | %٦٤,٨ |
| نەخێر | ٤٤ | %٣٥,٢ |
| كۆی گشتی | ١٢٥ | %١٠٠ |

سەبارەت بە هەستكردن بە بەدوورەپەرێزی و پشتگوێخستن لەلایەن هاوسەر بۆ لێتوێژراوان، لەخشتەی (٧)دەردەكەوێت، رێژەی (%٦٩,٦) یان دەڵێن لێتوێژراوان هەموو كات هەستمان بەدوورەپەرێزی و پشتگوێخستنی هاوسەرەكانمان كردووە ،بەڵام رێژەی (%١٦) دەڵێن هیچ كات هەستمان بەدوورەپەرێزی و پشتگوێخستن نەكردووە،هەروەها رێژەی (%١٤,٤) دەڵێن هەندێك كات هەستمان كردووە. لە ئەنجامی خشتەی سەروو دەردەكەوێت، رێژەیەكی بەرز لە تاوانباران لەلایەن نزیكترین كەسیانەوە كە هاوسەرە فەرامۆش دەكرێن، ئەو پەیوەندییە سۆزدارییە لە نێوانیاندا لاواز دەبێت، ئەم بۆشاییە گەورەیەش، لێتوێژراو پاڵ پێوە دەنێت كە لە دەرەوەی خێزان بەدوای چارەسەر یان هەستكردن بە گرنگی خۆیاندا بگەرێن، كە ئەمەش هەندێک جار دەبێتە هۆی تورەبوون یان تەنانەت تێوەگلان لە كاری نایاسایی و تاوان بە ئامانجی تۆڵەسەندنەوە. هەروەها سەبارەت بە تووشبوون بە گرفتی جیابوونەوە و زیزبوون بوویت پێش ئەنجامدانی تاوان ، لەخشتەی (١٥)دەردەكەوێت، رێژەی (%٦٤,٨)ی لێتوێژراوان دەڵێن پێش ئەنجامدانی تاوان تووشی گرفتی جیابوونەوە و زیزبوون بووینە،بەڵام رێژەی (%٣٥,٢) دەڵێن رووبەرووی جیابوونەوە و زیزبوون نەبووینە. لە ئەنجامی خشتەی سەروو بۆمان روون دەبێتەوە، بەشێكی زۆری لە تاوانباران پێش ئەنجامدانی تاوان رووبەرووی جیابوونەوە و زیزبوون بوونەتەوە،ئەمەش نیشاندەری لێكترازانی خێزان و بوونی گرفتی كۆمەڵایەتی لەنێو خێزانی لێتوێژراوان دەردەخات،لە ئەنجامدا ئەو جۆرە گرفتانە فشارێكی دەروونی و كۆمەڵایەتی زۆر توند لەسەر لێتوێژراو دروست دەكات، كاتێک ئافرەتەكە رووبەرووی وروژێنەرێكی نەرێنی وەک رەتكردنەوەی سۆزداری دەبێتەوە و هیچ رێگەیەكی یاسایی و ئەرێنی بۆ مامەڵەكردن لەگەڵیدا نییە، لەوانەیە پەنا بۆ كاردانەوەی توورەیی و توندوتیژی ببات، تاوان دەبێتە تاكە رێگە بۆ دەربرینی ئەو توورەیی و ئازارە كۆبووەوەیە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوی جیابوونەوە و زیزبوونی لێتوێژراوان پێش ئەنجامدانی تاوان و گۆڕاوی جۆری تاوان، دوای جێبەجێكردنی تاقیكردنەوەی (كا$^2$) بە بەهای (١٨,٨٢٨) و بە نمرەی ئازادی (٥) و بە ئاستی دەلالەت (٠,٠٠٢)، بۆمان دەركەوت، بەهاكەی ئاماردارە، ئەمەش بەواتای پەیوەندییەكی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان (دوو گۆڕاوەكە) هەیە، بە مەبەستی زانینی هێزی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو گۆڕاوە سوودمان لە هاوكێشەی (كرامەر) وەرگرتووە، كە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەهای (کرامەر) بریتیبوو لە: (٠,٣٨) ئەمەش دەلالەی ئاماری هەیە و، بە پەیوەندییەکی نیمچە مامناوەند لەنێوان ئەو دوو گۆڕاوە دادەنرێت.دوای وردبینی لە داتا و زانیارییەکان لە ئەنجامدا دەرکەوت، زۆربەی ئەو لیتویژراوانەی تاوانی کوشتنیان ئەنجامداوە،هەر ئەوانە زیاتر دەڵێن ڕووبەڕووی جیابوونەوە و زیزبوون بووینە پێش ئەنجامدانی تاوان،بە بەراورد بە جۆرەکانی تری تاوان. وەک لە خشتەی (٨) دا دیارە.

**خشتەی (٨) ڕۆڵی هاوسەر لە بەشداریکردنی لێتوێژراوان لەڕەفتاری نایاسایی ڕوون دەکاتەوە**

| هاوسەرەکەت ناچاری دەکردی بەشداری لەڕەفتاری نایاسایی بکەیت | ژمارە | ڕێژەی سەدا |
|---|---|---|
| هەموو کات | ٧٠ | ٥٦% |
| هەندێك کات | ١٤ | %١١,٢ |
| هیچ کات | ٤١ | %٣٢,٨ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | %١٠٠ |

لەخشتەی (٨) دەردەکەویت، ڕێژەی (%٥٦,٠)ی لێتویژراوان هەموو کات هاوسەرەکانیان ناچاریان کردوون بەشداری لەڕەفتاری نایاسایی بکەن،بەڵام ڕێژەی (%٣٢,٨) یان هیچ کات ناچاریان نەکردوون بەشداری لەڕەفتاری نایاسایی بکەن، کەمترینیان ڕێژەی (%١١,٢) یان دەڵێن هەندێك کات ناچاریان کردووین. بەگوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی سەروو بۆمان دەردەکەویت،نیوەی زیاتری تاوانباران کاری نارەوایان بەهۆی فشاری هاوسەر ئەنجامداوە، بە بەکارهێنانی هێزی جەستە و،هەڕەشەی لێدان وجیابوونەوە و،هەروەها لێسەندنەوەی منداڵ، بە هۆکاری پەیداکردنی پارە و خەرجی ڕۆژانە و دابینکردنی پێداویستیەکان ، ئەویش بەهۆی خراپی دۆخی داراییەوە بووە. هاوسەرەکە لەبری ئەوەی ڕێگایەکی ڕەوا بۆ دابینکردنی بژێوی بدۆزێتەوە، ئاسانترین ڕێگا هەڵدەبژێرێت، کە بریتییە لە بەکارهێنانی هاوسەرەکەی وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی داهاتی نایاسایی.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوی ناچار کردنی هاوسەر لە بەشداریکردنی لێتوێژراوان لە ڕەفتاری نایاسایی و گۆڕاوی تەمەن، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (کا²) بە بەهای (٣٥,٥٩٥) و بە نمرەی ئازادی (٦) و بە ئاستی دەلالەت (٠.٠٠٠)، بۆمان دەرکەوت، بەهاکەی ئاماردارە، ئەمەش بەواتای پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ( دوو گۆڕاوەکە) هەیە، بە مەبەستی زانینی هێزی پەیوەندی نێوان ئەو دوو گۆڕاوە سوودمان لە هاوکێشەی (کرامەر) وەرگرتووە، کە بەهای (کرامەر) بریتیبوو لە: (٠,٣٧ )، ئەمەش دەلالەی ئاماری هەیە و، بە

پەیوەندییەکی نیمچە مامناوەند لەنێوان ئەو دوو گۆڕاوە دادەنرێت.دوای وردبینی لە داتا و زانیارییەکان لە ئەنجامدا دەرکەوت، زۆربەی لیتۆیژراوان هەرچەند تەمەنیان بچووکتر بێت، کە لەنێوان سالانی (١٨-٢٧) ساڵە، ئەوانە زیاتر هاوسەرەکانیان ناچاریان کردوون بەشداری لە ڕەفتاری نایاسایی بکەن، بە بەراورد بەو لیتۆیژراوانەی تەمەنیان گەورەترە و (٢٨-٥٧) ساڵدایە، ئەوان کەمتر هاوسەرەکانیان ناچاریان کردوون بەشداری لەڕەفتاری نایاسایی بکەن،ئەمەش بە مانای ئەوە دێت، ئافرەت هەر چەند تەمەنی بچووکتر بێت ئەوەندە زیاتر تووشی هەڵخەڵەتاندن دەبێت. وەک لە خشتەی (٩) دا دیارە.

**خشتەی (٩) پشتگیریکردنی باوان بۆ لێتوێژراوان لەکاتی هەبوونی کێشەی هاوسەری و ڕۆڵی لە ئەنجامدانی تاوان ڕوون دەکاتەوە**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدا |
|---|---|---|
| هەموو کات | ٢٩ | %٢٣,٢ |
| هەندێك کات | ١٤ | %١١,٢ |
| هیچ کات | ٨٢ | %٦٥,٦ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | %100 |
| **هۆکاری تاوان** | **ژمارە** | **ڕێژەی سەدا** |
| بەڵێ | ٥٠ | %٦١ |
| نەخێر | ٣٢ | %٣٩ |
| کۆی گشتی | ٨٢ | %100 |

لەخشتەی(٩) دەردەکەوێت،ڕێژەی (%٦٥,٦)ی لێتوێژراوان دەڵێن هیچ کات باوانیان پشتگیریان نەکردوون لەکاتی هەبوونی کێشە لەگەڵ هاوسەرەکانمان، هەروەها ڕێژەی (%٢٣,٢) یان دەڵێن بەبەردەوام پشتگیریان لێکردووین، بەڵام کەمترینیان ڕێژەی (%١١,٢) هەندێك کات پشتگیریان لێکردووین. نەبوونی پشتگیری باوان بۆ لێتوێژراوان وەکو هۆکارێکی تاوان ،لەخشتەی ( ٢٠ )دەردەکەوێت،ڕێژەی (%٦١,٠) یان دەڵێن نەبوونی پشتگیری لەلایەن باوانمانەوە لە کاتی هەبوونی کێشە لەگەڵ هاوسەرەکانمان هۆکاری تاوانمان بووە،بەڵام ڕێژەی (%٣٩,٠) دەڵێن نەبوویتە هۆکاری تاوانکردنمان.

بەپێی ئەنجامەکان بۆمان ڕوون دەبێتەوە،زۆرینەی تاوانبارانی ئافرەت لەکاتی دروستبوونی گرفتی هاوسەری هەست دەکەن هەموو دەرگاکانیان لێ داخراوە و هیچ هیوا و پشت و پەنایەکیان لەلایەن دایک و باوک نییە، لەوانەیە بگەنە حاڵەتێکی دەروونی زۆر مەترسیدار.

فشاری بەردەوام و هەستکردن بە زوڵمی هاوسەر دەتوانێت بیانخاتە دۆخێکەوە کە چیتر توانای کۆنترۆڵکردنی کاردانەوەکانیان نەمێنێت،لەم حاڵەتەدا، لەوانەیە پەنا بۆ تاوان ببەن وەک تاکە ڕێگەچارە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان (وەک ئەنجامدانی تاوانی کوشتن و ژەهراویکردنی هاوسەرەکانیان).

**٣-٤ خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریە تایبەتییەکان بە ئامانجی چوارەم: ((ئاشکراکردنی کاریگەری لەنێوان فشاری ئابووری و دابین نەکردنی پێداویستییەکان لەلای هاوسەر و ڕۆڵی لەسەر ئەنجامدانی تاوان لای ئافرەت)).**

**خشتەی(١٠) هەبوونی گرفتی دارایی و دابینکردنی پێداویستیە ماددییەکانی لێتوێژراوان لەلایەن هاوسەر روون دەکاتەوە**

| وەلامەکان | لەژیانی هاوسەرگیری گرفتی داراییتان هەبوو | | لەلایەن هاوسەرەکەتەوە پێداویستیە ماددییەکانت بۆ دابین دەکرا | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژەی سەدا | ژمارە | ڕێژەی سەدا |
| هەموو کات | 79 | ٪63.2 | 15 | **12٪** |
| هەندێك کات | 25 | ٪20 | 38 | **30.4٪** |
| هیچ کات | 21 | ٪16.8 | 72 | **57.6٪** |
| کۆی گشتی | 125 | ٪100 | 125 | **100٪** |

لەخشتەی (١٠) دەردەکەوێت،ڕێژەی(٦٣,٢%)ی لێتوێژراوان لەژیانی هاوسەرگیری هەمووکات گرفتی داراییان هەبوو،هەروەها ڕێژەی(٢٠,٠%) هەندێك کات گرفتی داراییان هەبوو،بەڵام ڕێژەی(١٦,٨%) دەڵێن هیچ کات ئەو جۆرە گرفتەمان لە ژیانی هاوسەرگیری نەبووە. بەپێی ئەنجامەکان دەرکەوتووە،نیوەی زیاتری ئافرەتانی بەشەکانی چاکسازی لە ژیانی خێزانیدا گرفتی ئابووریان هەبوو،کاتێک هاوسەر (پیاو) لە ئەرکی سەرەکی خۆی کە دابینکردنی بژێوییە، شکست دەهێنێت جا بەهۆی هەژارییەوە بێت یان بێبەرپرسیاریەتی بێت، بۆشاییەکی گەورەی ئابووری و دەروونی لەناو خێزاندا دروست دەبێت،لەم کاتەدا، باری قورسی دابینکردنی پێداویستییەکانی وەکو (خەرجی ڕۆژانە، کرێی خانوو، پێداویستی ئافرەت و منداڵ) دەکەوێتە سەر شانی ئافرەتەکە،کاتێک دەرفەتی کار لەبەردەستی کەمە، یان مووچەکەی بەشی پێداویستییەکان ناکات،لەم کاتەدا هەست بە بێ ئومێدی دەکات، هەموو ڕێگا یاساییەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو

بۆشاییە ئابوورییە داخراو دەبن، لە کۆتاییدا بە ناچاریی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ماددییەکانی پەنا بۆ کاری ناڕەوا ونەشیاو وەکو (دزی،فێڵکردن،بازرگانی ماددەی هۆشبەر) دەبات، سەبارەت بە دابینکردنی پێداویستیە ماددییەکان لەلای هاوسەری لێتوێژراوان، لەخشتەی (١٠) دەرکەوتووە،ڕێژەی (٥٧,٦%) ئاماژەیان بەوەکردووە، کە لەلایەن هاوسەرانەوە هیچ کات پێداویستیە ماددییەکانیان بۆ دابین نەدەکرا، ڕێژەی (٣٠,٤%) یان دەڵێن هەندێك کات بۆیان دابینکراوە، بەڵام کەمترینیان ڕێژەی (١٢,٠%) هەموو کات پێداویستیە ماددییەکانیان بۆ دابین دەکرا. کەواتە بەپێی ئەنجامەکان دەرکەوتووە، لە نیوەی زیاتری لێتوێژراوان پێداویستییەکانیان لەلایەن هاوسەرەوە بۆ فەراهەم نەدەکرا، وەکو ژیانێکی شایستە، کاتێک پیاو بەهۆی خراپی باری دارایی ناتوانێ بە ئەرکە ماددییەکانی بەرامبەر بە هاوسەر هەستێت،پێداویستییەکانی بۆ دابین بکات، ئافرەت هەست بە کەمی و بێزاری دەکات، بەتایبەت ئەگەر خۆی بەراورد بە کەسانی تر بکات، لەئەنجامدا بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی ژیانی لەوانەیە پەنا بۆ ڕەفتاری تاوانکاری و نایاسایی ببات.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوی دابینکردنی پێداویستیە ماددییەکان لای هاوسەر و گۆڕاوی داهاتی خێزان، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (کا²) بە بەهای (٥٢,٧٥٤) و بە نمرەی ئازادی (٨) و بە ئاستی دەلالەت (٠,٠٠٠)، بۆمان دەرکەوت، بەهاکەی ئامارداره، ئەمەش بەواتای پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان (دوو گۆڕاوەکە) هەیە، بە مەبەستی زانینی هێزی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو گۆڕاوە سوودمان لە هاوکێشەی (کرامەر) وەرگرتووە، کە بەهای (کرامەر) بریتیبوو لە (٠,٤٥ )، ئەمەش دەلالەی ئاماری هەیە و، بە پەیوەندییەکی مامناوەند لەنێوان ئەو دوو گۆڕاوە دادەنرێت.دوای وردبینی لە داتا و زانیارییەکان لە ئەنجامدا دەرکەوت، زۆربەی ئەو لیتوێژراوانەی کە داهاتی مانگانەی خێزانیان زۆر خراپ بووە، ئەوانە زیاتر دەڵێن لەلایەن هاوسەرەوە پێداویستییە ماددییەکانیان بۆ دابین نەکراوە. بە بەراورد بەو لێتوێژراوانەی کە ئاستی داهاتی مانگانەی خێزانەکانیان باشترە. وەک لە خشتەی (١١) دا دیارە.

**خشتەی(١١) بوونی گرفت لەگەڵ هاوسەر پێش ئەنجامدانی تاوان و جۆری گرفتەکانی لێتوێژراوان ڕوون دەکاتەوە**

| پێش ئەنجامدانی تاوان گرفتت لەگەڵ هاوسەرەکەت هەبوو | ژمارە | ڕێژەی سەدا |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧٧ | %٦١,٦ |
| نەخێر | ٤٨ | %٣٨,٤ |

| کۆی گشتی | ١٢٥ | %100 |
|---|---|---|
| **جۆری گرفتەکان** | **ژمارە** | **ڕیزبەندی** |
| ناپاکی هاوسەری | ١٧ | ٢ |
| دابین نەکردنی پێداویستییە ماددییەکان | ٩ | ٤ |
| ئامادەنەبوون لەماڵەوە | ٨ | ٥ |
| مامەڵەی توندوتیژی | ٢٥ | ١ |
| لاوازی سێکسی | ٧ | ٦ |
| ساردوسڕی لەمامەڵەکردن | ١١ | ٣ |

لەخشتەی(١١)دەردەکەوێت،ڕێژەی (٦١,٦%)ی لێتوێژراوان دەڵێن پێش ئەنجامدانی تاوان گرفتیان لەگەڵ هاوسەرەکانیان هەبوو، بەڵام ڕێژەی (٣٨,٤%) یان دەڵێن گرفتیان نەبووە. سەبارەت بە جۆری گرفتەکان ،لەخشتەی( ٢٢,٥ ) دەرکەوتووە،بەپلەی (١) مامەڵەی توندوتیژی وەک توندوتیژی دێت، بەپلەی (٢) ناپاکی هاوسەری دێت، بەپلەی (٣) ساردوسڕی لەمامەڵەکردن دێت، بەپلەی (٤) دابین نەکردنی پێداویستییە ماددییەکان دێت، بەپلەی (٥) ئامادەنەبوون لەماڵەوە دێت، بەپلەی (٦) لاوازی سێکسی بوو دێت. بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی سەرەوە،دەردەکەوێت، بەشی زۆری لێتوێژراوان پێش تاوانەکانیان گرفتی خێزانیان هەبووە،بەهێزترین جۆری گرفتەکان، گرفتی بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەریان، دواتر ناپاکی هاوسەری و ساردی لەمامەڵەکردن بووە،گومانی تێدا نییە، ئەم جۆرە گرفتانە کاریگەری خراپی لەسەر ئافرەت دەبێت، لەئەنجامدا هەستی تورەیی و رق وکینە لەلای دروست دەبێت، بە ئامانجی تۆڵەکردنەوە ڕوو لە تاوان دەکات، بە تایبەت تاوانەکانی کوشتن و ناپاکی هاوسەری. وەک لە خشتەی (١٢) دا دیارە.

**خشتەی (١٢) بەرپرسی سەرەکی لە ئەنجامدانی تاوانی لێتوێژراوان ڕوون دەکاتەوە**

| وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدا |
|---|---|---|
| تەنها خۆم | ٢٥ | %١٦,٧ |
| باوانم | ٣٥ | %٢٣,٣ |
| خوشك و برام | ١٠ | %٦,٧ |
| هاوسەرم | ٥١ | %٣٤ |
| هاوڕێم | ٢٩ | %١٩,٣ |

| كۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |
|---|---|---|

لەخشتەی (١٢) دەردەکەوێت، ڕێژەی (%٣٤,٠)ی لێتوێژراوان دەڵێن بەرپرسی سەرەکی لە ئەنجامدانی تاوانیان هاوسەر بووە، ڕێژەی (%٢٣,٣) یان دەڵێن باوان بوونە، ڕێژەی (%١٩,٣) یان دەڵێن هاوڕێیان بوونە، هەروەها ڕێژەی (%١٦,٧) یان دەڵێن تەنها خۆمان بووین، بەڵام کەمترینیان ڕێژەی (%٦,٧) یان دەڵێن خوشك و برایان بوونە. بەپێی ئەنجامەکان دەرکەوتووە، هاوسەر ڕۆڵێکی بەرچاوی لە هاندانی ئافرەت بۆ تاوان هەبووە، ئەمەش نیشانی دەدات کە ژینگەی خێزانی (ژیانی هاوسەری) دەتوانێت ببێتە ژەهراویترین ژینگە بۆ ئافرەت ،هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ توندوتیژی بەردەوامی هاوسەر، کاتێک ئافرەت دەخرێتە ژێر فشارێکی جەستەیی و دەروونی بەردەوام، ئەمە هەستی ئارامی و مرۆڤبوونی لێ زەوت دەکات، هەروەها پشتگوێخستن و گرنگی پێنەدان، ساردوسڕی لەمامەڵەکردن و بچوکردنەوەی لەلایەن هاوسەرەوە، هەموو ئەمانە دەبێتە هۆی ئەوەی ئافرەتەکە هەست بکات کە لەلایەن هاوبەشی ژیانییەوە نابینرێت و هیچ بەهایەکی نییە، تووشی بۆشاییەکی سۆزداری کوشندە دەبێت، هەروەها بێبەشبوون لە دابین نەکردنی پێداویستییەکان بەهۆی هەژاری و بێکارییەوە، دوای کۆبونەوەی ئەم هەموو پەستانە دەروونییە لەکۆتاییدا ڕەفتاری تاوانکاری لێدەکەوێتەوە، لەلایەکی ترەوە،ژینگەی خێزانی لێکترازاو و نەزانینی مامەڵەکردن لەلایەن باوان و،هاوڕێی خراپ هۆکارێکی بەهێزە لەدروستبوونی تاوان. بە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان بەرپرسی سەرەکی ئەنجامدانی تاوانی لێتوێژراوان و گۆڕاوی بەشداربوون لە ئەنجامدانی تاوان، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (کا$^2$) بە بەهای (٤٦,٣٣٣) و بە نمرەی ئازادی (١٢) و بە ئاستی دەلالەت (٠,٠٠٠)، بۆمان دەرکەوت، بەهاکەی ئامارداره، ئەمەش بەواتای پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان (دوو گۆڕاوەکە) هەیە، بە مەبەستی زانینی هێزی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو گۆڕاوە سوودمان لە هاوکێشەی (کرامەر) وەرگرتووە، کە بەهای (کرامەر) بریتییبوو لە: (٠,٣٢ )، ئەمەش دەلالەی ئاماری هەیە و بە پەیوەندییەکی نیمچە لاواز لەنێوان ئەو دوو گۆڕاوە دادەنرێت.دوای وردبینی لە داتا و زانیارییەکان لە ئەنجامدا دەرکەوت، زۆرینەی ئەو لێتوێژراوانەی هاوسەرەکانیان بەشداربوون لە ئەنجامدانی تاوان لەگەڵیان ، ئەوانە زیاتر دەڵێن بەرپرسی سەرەکی تاوانمان هاوسەربووە.بە بەراورد بەو لێتوێژراوانەی کە کەسانی تر لەگەڵیان بەشداربوونە لە تاوان. وەک لە خشتەی (١٣) دا دیارە.

**خشتەی(١٣) ئاستی کاریگەری دۆخی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامدانی تاوان لەلای لێتوێژراوان ڕوون دەکاتەوە**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

| دۆخە کۆمەڵایەتیەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدا |
|---|---|---|
| ژینگەی خێزان | ٤١ | %٢٧,٣ |
| ژینگەی قوتابخانە وفێربوون | ١٠ | %٦,٧ |
| ژینگەی هاوڕێیەتی | ٢٢ | %١٤,٧ |
| ژینگەی کارکردن | ١٤ | %٩,٣ |
| ئامرازەکانی ڕاگەیاندن | ٢٦ | %١٧,٣ |
| دۆخی ئابووری | ٣٧ | %٢٤,٧ |
| کۆی گشتی | ١٥٠ | %١٠٠ |

لە خشتەی (13) دەردەکەوێت،ڕێژەی (27.3%)ی لێتوێژراوان هۆکاری تاوانیان زیاتر بۆ ژینگەی خێزان دەگەڕێتەوە،ڕێژەی (24.7%) یان زیاتر بۆ دۆخی ئابوورییان دەگەڕێتەوە ،ڕێژەی (17.3%) یان بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە، هەروەها ڕێژەی (14.7%) یان زیاتر بۆ هاوڕێی خراپ دەگەڕێتەوە،ڕێژەی (9.3%) یان زیاتر بۆ ژینگەی کارکردن دەگەڕێتەوە،ڕێژەی (6.7%) یان زیاتر بۆ ژینگەی قوتابخانە و فێربوون دەگەڕێتەوە.

لە ئەنجامی خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاوان لەلای ئافرەتان لە کۆمەڵگەی توێژینەوە،بە پلە یەک بۆ دۆخی خێزانی لێکترازاو، بە پلە دوو بۆ باری دارایی و هەژاری و نەداری دەگەڕێتەوە،دواتر بە پلەی سێیەم بۆ خراپ بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ،لە پلەی چوارەم بۆ هاوڕێی خراپ و تێکەڵاوی لەگەڵ کەسانی لادەر دەگەڕێتەوە،پلەکانی تر بۆ ژینگەی کار و قوتابخانە و پرۆسەی فێربوون دەگەڕێتەوە، بەمەش دەتوانین بڵێین ژینگەی خێزانی نادروست و خراپی باری ئابووری و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و هاوڕێی خراپ بەهێزترین هۆکاری کۆمەڵایەتین، لە ئەنجامدانی تاوان لەلای ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردی.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان گۆڕاوی پاڵنەری تاوانکردن بەهۆی دۆخی کۆمەڵایەتی و گۆڕاوی جۆری تاوان، دواى جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (کا²) بە بەهای (١٤٠,٩٣٤) و بە نمرەی ئازادی (٢٥) و بە ئاستی دەلالەت (٠,٠٠٠)، بۆمان دەرکەوت، بەهاکەی ئامارداره، ئەمەش بەواتای پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان (دوو گۆڕاوەکە) هەیە، بە مەبەستی زانینی هێزی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو گۆڕاوە سوودمان لە هاوکێشەی (کرامەر) وەرگرتووە، کە بەهای (کرامەر) بریتیبوو لە: (٠,٤٣)، ئەمەش دەلالەی ئاماری هەیە و، بە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئەو دوو گۆڕاوە دادەنرێت.دوای وردبینی لە داتا و زانیارییەکان لە ئەنجامدا

دەرکەوت، زۆربەی ئەو لیتۆیژراوانەی کە تاوانی دزی و دەستدرێژیکردنە سەر کەسەکان کردووە،ئەوانە زیاتر دەڵێن هۆکاری تاوانمان زیاتر دۆخی ئابوورییە،بەبەراورد بەو لیتوێژراوانەی کە تاوانی ماددەی هۆشبەریان ئەنجامداوە،هۆکارەکەی زیاتر بۆ دۆخی خێزانە و،ئەوانەی تاوانی کوشتنیان ئەنجامداوە، هۆکارەکەی بۆ هاوڕێی خراپ دەگەڕێتەوە.

**٤- دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکان**

**٤-١ دەرئەنجامەکان**

٤-١-١بەکارهێنانی شێوازی پەروەردەی نادروست لای باوان، وەك توندوتیژی و بێبەشبوون لە سۆزو خۆشەویستی و، جیاکاری ڕەگەزی لەنێوان منداڵان، یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاوان، بەتایبەتی لای ئەو ئافرەتانەی لە ڕیزبەندی ناوەندی بوونە لەنێو خوشک و براکانیان.

٤-١-٢خراپی پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان و شەڕو ناکۆکی بەردەوامی باوان، هۆکارێکی تری ئەنجامدانی تاوانە،بەتایبەتی لای ئەو ئافرەتانەی کە دانیشتووی گەڕەکی میللین.

٤-١-٣ ژینگەی هاوسەری نادروست و پڕ لە گرفت و بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن هاوسەرەوە، لەگەڵ پشتگوێخستنی سۆزداری لێتوێژراوان هۆیەکی تری بەهێزی تاوانی ئافرەتە بەتایبەتی تاوانەکانی کوشتن لەلای ئەو یەکانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨-٢٧)ساڵدابوو.

٤-١-٤ دابین نەکردنی پێداویستییە ماددییەکان و نەبوونی پشتیوانی باوان لەکاتی هەبوونی گرفتی هاوسەری و، ناچارکردنی ئافرەت بۆ ئەنجامدانی کاری نایاسایی لە ژێر فشاری هاوسەر،هەموو ئەمانە هۆکاری دروستبوونی هەستی ڕق و کینەن،لە هەمانکاتدا پاڵنەری ئەنجامدانی تاوانە لای ئەو ئافرەتانەی کە داهاتی مانگانەی خێزانیان زۆر خراپ بووە.

٤-١-٥ پلەبەندی کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئەنجامدانی تاوان لای ئافرەت: بەپلە یەک ژینگەی خێزانی لێکترازاو و ژیانی هاوسەری نادروست دێت، بەپلە دوو هەژاری و خراپی باری ئابووری بووە، بەپلە سێ خراپ بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دێت، دواتر بەپلە چواریش کاریگەری تێکەڵبوون بە هاوڕێی خراپ دێت و ژینگەی کار و سەرنەکەوتن لە خوێندن و نزمی ئاستی فێربوون لە پلەبەندی کۆتایی دێن، وەکو هۆکارێک بۆ ئەنجامدانی تاوان لەلای یەکەکانی توێژینەوە لە بەشەکانی چاکسازی ئافرەتان.

**٤-٢ پێشنیارەکان**

**٤-٢-١ بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

دامەزراندنی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی و دەروونی لە گەڕەکە میللییەکان، بۆ چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکان و کەمکردنەوەی توندوتیژی هاوسەری،هەروەها ڕێکخستنی سمینار بۆ دایک و



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

باوکان سەبارەت بە شێوازی پەروەردەی دروست، گرنگی پێدانی سۆز و خۆشەویستی و، خۆپاراستن لە جیاکاری ڕەگەزی و پاڵپشتی ئافرەتان لە کاتی بوونی کێشەی هاوسەری بەشێوەیەکی دروست.لەگەڵ دابینکردنی پشتیوانی دەروونی بۆ ئەو ئافرەتانەی کە ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، بۆ پاراستنیان لە پەنابردنە بەر تاوان،جێبەجێکردنی پرۆژەی پەرەپێدانی تواناکان و دابینکردنی هەلی کار و قەرزی بچووک بۆ ئافرەتان،باشکردنی باری ئابووری و دۆخی دارایی خێزان ئەویش بە ئامانجی کەمکردنەوەی فشارە ئابوورییەکان لەسەر ئافرەت.

**٤-٢-٢ بۆ وەزارەتی پەروەردە**

کاراکردن و بایەخدان بە بابەتە پەروەردەیی و خێزانییەکان لە سیستەمی خوێندن لە قۆناغە جیاوازەکاندا لەگەڵ جەختکردن لەسەر گرنگی بەها خێزانییەکان و پارێزگاریکردن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دروستەکان.

**٤-٢-٣ بۆ بەشی چاکسازی ئافرەتان**

بایەخدان بە بەردەوامبوون لە پرۆسەی خوێندن بۆ ئافرەتە بەندکراوەکان،لەگەڵ جەختکردن لەسەر فێرکردنی پیشەیی و ڕەخساندنی دەرفەتی کاری گونجاو و شیاو بۆیان،هەروەها بایەخدان بە پرۆگرامەکانی پەروەردە و دووبارە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

**٤-٢-٤ بۆ وەزارەتی ناوخۆ**

بەهێزکردنی یاساکانی تایبەت بە پاراستنی ئافرەتان لە توندوتیژی خێزان و هاوسەری و، زامنکردنی جێبەجێکردنی دادپەروەرانەی ئەو یاسایانە،لەگەڵ دابینکردنی هاوکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و یاسایی بۆ ئەو ئافرەتانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە.

**٤-٢-٥ بۆ وەزارەتی پلاندانان و گەشەپێدان**

داڕشتنی پلانێکی نیشتمانی گشتگیر کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لەخۆ بگرێت، بۆپاراستنی قەوارەی خێزان لە کۆمەڵگەی کوردی و کەمکردنەوەی پاڵنەرەکانی تاوانی ئافرەت.

**٤-٢-٦ بۆ وەزارەتی ئەوقاف**

پیاوانی ئایینی لە مینبەرەکان جەخت لەسەر مەترسیەکانی فەرامۆشکردنی ئافرەت لەڕووی ماددی و مەعنەویەوە،لەگەڵ گرنگی و پێویستی ئەنجامدانی ئەرکەکان لەناو خێزاندا،بەتایبەت لەلایەن دایک و باوکەوە لەڕووی ئایینەوە.

**ليستى سەرچاوەكان**

الشاعري, سالمه عبدالله حمد حامد. ٢٠١٣. "جرائم المراة." *حوليات اداب عين شمس* العدد ٤١.

العرجي, مصطفى. ١٩٨٠. *دروس في علم الجنائي(الجريمه والمجرم)*. الطبعة ١. بيروت، لبنان: مؤسسة نوبل للطباعة والنشر.

الواسعة, زرارة صالحي. ٢٠١١. "السلوك الاجرامى للمراة." جامعة لخضر – باتنة، الجزائر.

جابر, السيد ابراهيم. ٢٠١٤. *التفكك الأسري الاسباب والمشكلات وطرق علاجها*. الطبعة ١. الأسكندرية، مصر: دار التعليم للنشر.

رمضان, السيد. ١٩٨٥. *الجريمه والانحراف من المنظور الاجتماعي*. الأسكندرية، مصر: المكتب الجامعي الحديث.

زكريا, محمد خليل. ٢٠٠٢. "جرائم النساء وفق الإحصاءات الجنائية في أكاديمية الشرطة." اكاديمية الشرطة، السودان.

عثمان, ابراهيم وآخرون. ١٩٩٢. *علم الاجتماع التربوي*. الطبعة ١. القدس، فلسطين: منشورات جامعة القدس المفتوحة.

عمر, معن خليل. ٢٠٠٥. *التفكك الاجتماعي*. الطبعة ١. عمان ، الأردن: دار الشروق للنشر والتوزيع.

عيسى, محمد طلعت. ١٩٦٥. *الخدمة الاجتماعية كاداة للتنمية*. الطلعة ١. القاهرة، مصر: مكتبة القاهرة الحديثة.

مقداد, علي. ٢٠١٩. *ماهيه الجريمة*. الطبعة ١. الجزائر: الدار العربيه للموسوعات.

موسى, رشاد علي عبدالعزيز. ١٩٩٣. *دراسات في علم النفس المرضي*. الطبعة ١. القاهرة، مصر: مؤسسة دار المختار الإسلامي للطباعة والنشر.

List

Al-Sha'ari, Salma Abdullah Hamad Hamed. 2013. "Women's Crimes." Annals of the Faculty of Arts, Ain Shams University, Issue 41.

Al-Arji, Mustafa. 1980. Lessons in Criminology (Crime and the Criminal). 1st Edition. Beirut, Lebanon: Nobel Foundation for Printing and Publishing.

Al-Wasa'a, Zarara Salehi. 2011. "Women's Criminal Behavior." University of Lakhdar-Batna, Algeria.

Jaber, Al-Sayed Ibrahim. 2014. Family Disintegration: Causes, Problems, and Methods of Treatment. 1st Edition. Alexandria, Egypt: Dar Al-Ta'leem Publishing.

Ramadan, Al-Sayed. 1985. Crime and Deviance from a Social Perspective. Alexandria, Egypt: Modern University Office.

Zakaria, Muhammad Khalil. 2002. "Women's Crimes According to Criminal Statistics at the Police Academy." Police Academy, Sudan.

Othman, Ibrahim, et al. 1992. Educational Sociology. 1st ed. Jerusalem, Palestine: Al-Quds Open University Publications.

Omar, Ma'an Khalil. 2005. Social Disintegration. 1st ed. Amman, Jordan: Dar Al-Shorouk for Publishing and Distribution.

Issa, Muhammad Talaat. 1965. Social Work as a Tool for Development. 1st ed. Cairo, Egypt: Modern Cairo Library.

Miqdad, Ali. 2019. The Nature of Crime. 1st ed. Algeria: Arab House for Encyclopedias.

Musa, Rashad Ali Abdul Aziz. 1993. Studies in Abnormal Psychology. 1st ed. Cairo, Egypt: Dar Al-Mukhtar Al-Islami Foundation for Printing and Publishing.